# حوكمی فرۆشتنی چەکی بێ ڕەسید

[ kurdish – کوردی – كردي ]


دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2015 - 1436

IslamHouse.com

# حكم بيع الشيك بدون الرصيد

« باللغة الكردية »

فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015 - 1436
IslamHouse.com

# حوكمی فرۆشتنی چەكی بێ ڕەسید

ئـەم پرسیارە ئاڕاستـەی ماڵپـەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار** : بـەم دواییانـە وپاش سـەرهـەڵدانـی قـەیرانـی دارایـی لـە هـەرێمـی كوردستـان ونـەبوونـی (سیولـە) لـە بـانكـەكاندا، حكومـەتـی هـەرێم ئـەو چـەك (شیك) ـانـەی دەیدات بـە بـەڵێندەران وبـەرهـەمهێنـەران، خاوەنـەكانیان لـە بازاڕدا بـە نرخـی كـەمتر دەیفرۆشنـەوە، بۆ نموونـە حكومـەت چـەك ( شیك ) ێكـی بـە نرخـی (١٠٠) ملیۆن دینـار نووسیوە بۆ بـەڵێندەرێك، بـەڵام لـەبـەر ئـەوەی لـە بـانكدا پارە نیـە، ئـەم بـەڵێندەرە چـەكـەكـەی لـە بازاڕدا بـە (٩٥) ملیۆن دینار دەفرۆشێتـەوە، ئایا حوكمـی شـەرعی ئـەم كڕین وفرۆشتنـە چیـە ؟ خوای گـەورە پاداشتـی خێرتان بداتـەوە.

**وەڵام** : سوپاس وستـایش بۆ خـوای گـەورە ومیهرەبـان ودروود وصـەڵات وسـەلام لـەسـەر پێشـەوای مرۆڤایـەتـی محمدی پێغـەمبـەری ئیسلام و ئـال وبـەیت و هـاوەڵ وشوێنكـەوتوانـی هـەتا هـەتایـە .

ئەم مامەڵەیە لەڕووی شەرعیەوە حەرامە و دروست نیە، لەبەر ئەوەی هەردوو جۆرەکەی سوود ( ڕیبا ) ی تێدایە، ڕیبای زیادە ( ربا الفضل ) چونکە گۆڕینەوەی جنسێکی ( ڕیبەوی ) یە بە هاوشێوەیەکەی خۆی بەڵام بە کەمتر لە ئەندازەی خۆی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا لە فیقهی ئیسلامیدا بە سوودی زیادە ( ربا الفضل ) ناوزەد کراوە، هەروەها لە لایەکی تریشەوە ڕیبای قەرز ( ربا النسیئة )، چونکە لەبەر ئەوەی ئەو مەبلەغەی کە لە چەکەکەدا نوسراوە بانك ناتوانێت حاڵی حازر سەرفی بکات بۆ خاوەنەکەی کەواتە یەکێك لە فرۆشراوەکان قەرز دەبێت، لەم حاڵەتەدا ئەگەر هاتوو تەنانەت مەبلەغی داواکراوی ناو چەکەکەیش بە دراوێکی تریش بێت جگە لە دینار وەك دۆلار یان پاوەن یان لیرە تورکی ئەوە هەر دروست نیە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) کاتێك ڕیگری کرد لە گۆڕینەوەی زێر وزیو وەك لە فەرموودەکەی عوبادەی کوڕی صامت دا هاتووە : عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ رضي الله عنه قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم ( الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ مِثْلاً بِمِثْلٍ ، سَوَاءً بِسَوَاءٍ ، يَدًا بِيَدٍ ، فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ [رواه مسلم : ٢٩٧٠] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : زێر بە زێڕ، زیو بە زیو، دەبێت وەك یەك وبەیەکسانی و دەست بەدەست بگۆڕینەوە، ئەگەر هاتوو ئەم جۆرانە جیاواز بوون، هەرچۆنێك دەتانەوێت کڕین وفرۆشتنی پێوە بکەن ( واتا گرنگ

نیە یەکسان نەبن لە کێش و ئەندازەدا) بەڵام بەو مەرجەی دەست بەدەست بێت وقەرزی تێ نەکەوێت .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو مەبلەغەی لەناو چەکەکەدایە بە دراوێکی تری جگە لە دیناری عێراقی بوو، وەك دۆلار و پاوەن، و هەمان سات و کاتیش ئەو کەسەی کە دەیکڕێت لە بانك بۆیان خەرج دەکرد، ئەو کەسەش بە دراوێکی تری جیاواز لە دراوی ناو چەکەکە بیکڕێت ئەوا دروستە و هیچ گرفتێکی تێدا نیە، بۆ نمونە ئەگەر هاتوو مەبلەغی ناو ئەو چەکەی کە خاوەنەکەی دەیفرۆشێت (٢٠) هەزار دۆلار بوو، کڕیارەکەیش بە دیناری عێراقی لێی کڕیوە بە مەبلەغێك کە ڕێدەکەون لەسەری، چونکە پارەی مەبلەغی نوسراوی ناو چەکەکە حسابی پارەی حازری بۆ دەکرێت نەك قەرز، لەبەر ئەوەی هەر ساتێك بیەوێت دەتوانێت بۆی خەرج بکەن .

بۆیە موسڵمانان لە مەترسی گەورەی ئەم کڕین وفرۆشتنەی کە حـــاڵی حازر سەریهەڵداوە، ئاگادار دەکەینــەوە، چونکە سوود (ربا) خواردن یەکێکە لە گوناهە گەورەکان و خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ( صلی اللە علیە وسلم ) هەڕەشەی توندیان لەو کەسانە کردووە کە سوود (ربا) دەخۆن، ئەوەتانی خوای گەورە لەم بارەیەوە لە قورئاندا فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ

وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ * فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ فَأۡذَنُواْ بِحَرۡبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ .. ﴾ [ البقرة : ٢٧٨ -٢٧٩ ] .

واتا : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە دەبێت بە تەواوی ملکچی فەرمان وقەدەغە کراوەکانی خوابن ولەگشت سنوورەکانی پارێز بکەن ولەپاشماوەی سوودەکەشتان- کە بەلای ئەم وئەوەوەیە واز بهێنن وداوای مەکەن ئەگەر باوەڕداری راستەقینەن، دەبێ گوێرایەڵی تەواوی فەرمودەکانی خوابن و، لەو سوودەش بێدەنگ بن * خۆ ئەگەر واتان نەکرد و، دەستتان لە سوود خۆری هەڵنەگرت ئەوسا جەنگێکی گەورە رابگەیەنن لەگەڵ خواو پەیامبەرەکەیدا (صلى الله عليه وسلم)، چونکە سوود خۆری دژایەتی کردنی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەری خوایە، واتە: سوود خواردن ئیعلانی جەنگە لەگەڵ خواو پێغەمبەردا .

پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم ) سوود خواردنی بە یەکێك لە گوناهە گەورە و بە هیلاك بەرەکەکان داناوە، وەك فەرموویەتی : « اجتنبوا السبع الموبقات، قالوا: وما هن يا رسول الله؟ قال: الشرك بالله، والسحر، وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق، وأكل الربا، وأكل مال اليتيم، والتولي يوم الزحف، وقذف المحصنات الغافلات المؤمنات » [ رواه البخاري ومسلم ] .

واتا : دوور بکەونەوە لە حەوت تاوانە لەناو بەرەکە، ووتیان ئەو تاوانانە چین ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە، جادوکردن، وکوشتنی کەسێکی بێ تاوان کە خوای گەورە حەرامی کردووە بەبێ بوونی هەقێك نەبێت، وخوارنی سوود، ومالّی هەتیوان، وپشت هەڵکردن لە ڕۆژی ڕوو بەڕوبونەوەدا، تۆمەت دانە پاڵ ئافرەتانی باوەڕ داری داوێن پاکی بێ ئاگا لەو گوناهە .

خوای گەورەش زاناترە .